# نقورچەکەی کوێخا..!

## 1ـ دادگای بەستەزمان

دەڵێن کاتێ دادگا بووە کارتۆنێک و کەووتە بەر گەمەو لەزین لەلایەن هەندێ ملهووڕی نەزانەوە، لە نێو هەژموونی دەستەڵاتداو بەجۆرێک سووکایەتی بە بڕیارەکانیەوە کرا، ئەوا بێشک هەرچی رێساو نەریت و یاسا هەیە لەتەک ئەو کۆمەڵگایەو خەڵکانیدا هەیە دەکەوونە بەر رەحمەتی حوکمی قەشمەرییات و تەڕاتێنی یاساکانی جەنگەڵ ٚنشینەوە.. هەروەک چۆن چۆنی ماوەیەک لەمەوبەر بە پووچکردنەوەی بڕیارەکەی دادگای هەولێرەوە گۆهدار بووین لەدژ تۆمەتەکانی نووسەرێکی دەمشڕو کرێگرتەی زارپیسی وەک حەمە سەهید حەسەنەوە لەلایەن خۆتێهەڵقورتانی راستەوخۆی جەنابی سەرۆکی وەزیرانی حکومەتە دیموکراس بەتاڵەکەی پارتییەوە بە دەرباز بوون و سەرفرازیبوونی لە لێپێچینەوەو سزادانی لەو کەوچ و لەوچانەی نواندبوونی بە قەڵەمە چەورکراوەکەی لە هەمبەر بەڕێز (عەبدوڵا ئاگرین)ەوە کردبووی پێشتر ..ئەم راگرتن و بەتاڵبوونەوەی دەستەڵاتەی بڕیاری دادگای هەولێر لەلایەن خودی سەرۆک وەزیرانەوە هیچ شتێک نیە بێجگە لە کەڵەگایی و زەنگی قەرەقۆشی و تۆقاندنی دەنگی ئازادی و قوربانیدانی کۆمەڵگای کوردی لە سەرەتاکانی هەزارەی سێهەمی ژیانی مرۆڤایەتیدا ، کەئەمەش راستەوخۆپابەندو قۆرخکردنی وڵاتێکە تەژیی لە نوقمی گێژاوی بەربەرییەت بە داکوتینی رەگ و پەخشبوونی هەناسەی قێزەوەزنی دیکتاتۆرییەت لە ماڵوێرانی ئایندەیەکی تەڵخ و بە گومان کە ئاکامەکەی لە داڕووخان و هەپروونبوونی لە گەندەڵییەکانی رژێمی بەعسی ئەفلەقی شکۆدارتر نەبێت ..دەسا ئەوا منیش بە چرنووکەکەی کوێخام با هەنووکە زریکە لەدادگا کارتۆنییەکەی هەولێرو سەرۆکی حکومەتەکەی و قەڵەمە دۆڕاوەکەی ئەو کوورتەبالآیە هەڵسێنم کە عەیامێ بە قرووسکە قرووسکی پەیامە گلاوەکەی گەمژەکانی هاوچەشنی خۆی پێلەخشتەدەبرد ..

. خەڵات